# هەرکەسێک دەستنوێژ بگرێت لە ڕۆژی جومعەدا ئەمە کردەوەیەکی باشە، وئەوەی خۆی بشوات ئەمە باشترینە

لە سەمورەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک دەستنوێژ بگرێت لە ڕۆژی جومعەدا ئەمە کردەوەیەکی باشە، وئەوەی خۆی بشوات ئەمە باشترینە».
[حەسەنە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە]

هەرکەسێک دەستنوێژ بگرێت لە ڕۆژی جومعەدا): مەبەست دەستنوێژگرتنە بۆ نوێژی جومعە. (ئەمە کردەوەیەکی باشە): واتا سونەت وڕوخسەتی ئەنجامداوە، وئەمیش وەسفکردن بۆ ئەو کەسە. (وئەوەی خۆی بشوات ئەمە باشترینە): واتا هەرکەسێک خۆی بشوات (غوسڵ بکات) ودەستنوێژ بگرێت، ئەوا ئەم کردەوەیە باشترە لە تەنها دەستنوێژگرتن. ئەمە ڕای زۆربەی زانایانە لە نێوانیاندا چوار پێشەواکە کە خۆشۆردن بۆ نوێژی جومعە سونەتە (موستەحەبە)، ولە بەڵگەکانیان فەرموودەکەی (مسلم) کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (من توضأ فأحْسَن الوضوء، ثم أتَى الجُمعة فاسْتَمَع وأنْصَت غُفر له ما بين الجمعة إلى الجمعة وزيادة ثلاثة أيام) واتە: (ئەوەی بە جوانی وڕێکی دەستنوێژ بگرێت، پاشان بێت بۆ نوێژی جومعە وبە جوانی گوێبگرێت بۆ وتارەکە؛ ئەوا ئەم کردەوانەی دەبێتە هۆی ئەوەی خوای گەورە لە گوناهەکانی نێوان ئەو جومعەیە وجومعەی داهاتوو خۆش بێت وزیادەی سێ ڕۆژیش).

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10035

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee